# شەڕی نێوان "ڕێزوان" و "مالیک"

## چیرۆکێکی تەنز

## لەسەر بنەمای شیعرێکی فارسی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

نووسینی: ئەنوەر سوڵتانی

شێخ ڕەزای تاڵەبانی ئەوەندەی شیعری کوردیی هەن، کەم و زۆر بە هەمان ڕادە شیعری فارسیشی گوتوون. ژمارەی شیعری تورکی و بە تایبەتی عەرەبیی شێخ ڕەزا لە چاو بەرهەمە کوردی و فارسییەکانی کەمترن.

شیعرە فارسییەکان لە باری ناوەرۆک و ژانرەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ شیعرە کوردییەکان نییە، واتە زوربەیان پێداهەڵگوتن یان داشۆردنن. ژمارەی ئەو شیعرانەی کە شێخ بە بێگانە و دەسەڵاتدارانی تورک و ئێرانیدا هەڵگوتوون تارادەیەک زور و هێرشکاری و جنێوەکان زیاتر بۆ سەر کەسایەتییە کوردییەکانن یان بۆ سەر شارە کوردنشینەکان و خەڵکەکەیان.

شێخ ڕەزا، کە بە شێوەیەکی گشتی، قسەکردنی لەگەڵ خەڵکانی ناحەز و نەخوازراوی خۆیدا بە زمانێکی توند وتیژ و هەجوئامێز بووە، هەندێک جار تەنزی شیرین و نەرمیشی هەیە و بەو حیسابە دەکرێ وەک شاعیرێکی تەنز نووسی کوردیش چاوی لێ بکرێت.

هەروەها، بەشێک لە شیعرەکانی شێخ ڕەزا زەرفیەتێکی زۆری درامایان هەیە و لە زاتیاندا جووڵە و کردەوە هەست پێدەکرێت کە ئەگەر بکەونە بەردەستی پسپۆڕێکی دڕاما، دەتوانێت شانۆنامەی سەرنجڕاکێشیان لێ پێک بهێنێت.

یەک لە شیعرە تەنزئامێز و پڕ جووڵە و حەرەکەتەکانی شێخ، پارچەیەکی ١٢ فەردیی فارسییە کە تێیدا ویستوویەتی بە تەنز و تەوسەوە باس لە مردنی حاجییەکی دانیشتووی کەرکووک بە ناوی حاجی مستەفا و ڕووداوەکانی دوای مردن و زیندوو بوونەوە و حەشر کردنی ئەو لە ڕۆژی حەشر بکات. دیارە شێخ ڕەزا، لەبەر هۆکارێک، ئەو حاجی مستەفایەی خۆش نەویستووە و هێشتا حاجیی ناوبراو کۆچی دوایی نەکردووە، شانۆی مردن و حەشر کردن و برانە جەهەننەمی ئەوی لە زیهنی خۆیدا خوڵقاندووە! ئەوەش کارێکی گەورەی هونەرییە، بەتایبەت دروست کردنی شانۆی بەهەشت و دۆزەخ و دانانی دوو دەرکەوان لەربەر دەرگا و وتووێژ و هۆکار هێنانەوە و تێکگیرانی ئەو دووکەسە سەبارەت بە کەسایەتی کابرای مردوو، کە هاوشێوەی شانۆی دادگاکانی ئێستا و بەڵگەهێنانەوەی پارێزەر لە لایەک و داواکاری گشتی لەلایەکی ترە و ئەوانە هەمووی بەرهەمی زیهنی داهێنەری شاعیرن. ئەو چەشنە کارانە بۆ کەسانێک کە کەسایەتی شێخ ڕەزا بناسن، زۆر دیاردەیەکی سەمەرە نییە لەبەر ئەوەی شێخ ڕەزا بە گشتی مرۆڤێکی ناڕازی و نەحاواوە بووە کە هەرکەس دڵی بەجێ نەهێنابێت یان بە دڵی ئەو نەجووڵابێتەوە کەوتۆتە بەر تیری تەوس و تانەی- جا برای خۆی بووبێت

یان مام و ئامۆزای و دۆست و برادەری، یان کەسایەتی خاوەن ڕێزی وەک موفتی زەهاوی و محەممەد جەمیلی کوڕی، یاخود خەڵکی کەرکووک و سنە و سلێمانی، هەموویان سینگیان بە تەندووری بێ ئەمانی شیعری شیخ ڕەزا داغ کراوە!

لە فەردی یەکەم و دووهەمی شیعرەکەدا هۆکاری دژایەتی شێخ ڕەزا لەگەڵ حاجی مستەفامان تا ڕادەیەک بۆ ڕوون دەبێتەوە. دەبێ حاجی مستەفا کاربەدەستێکی حکوومی بووبێت و پاشایەکی ناوچەیی عوسمانییەکان فەرمانی دابینکردنی "مەعاش"ێکی بۆ شێخ ڕەزا دەرکردبێت بەڵام ئەو حاجی مستەفایە بەرگر بووبێت لە حاندی بەڕێوەچوونی فەرمانەکە و شێخ ڕەزا، بە شێوەی هەمیشەیی خۆی، لە بەرانبەر ئەو نامیهرەبانییەدا هەڵوێستی گرتبێت و داخ و کوڵی خۆی بەوە ڕشتبێت کە ڕیشی حاجییەکەی بە ڕیشی جوولەکە شوبهاندبێت و لە خەیاڵی خۆیدا بردبێتیە بەردەم دەرکەوانی بەهەشت و دۆزەخ و دوای خولّقاندنی شانۆی دەمەقاڵەی نێوان ئەو دوو کەسە، فڕێیدابێتە ناو جەهەننەمەوە و بەم شێوەیە تۆڵەی خۆی لێکردبێتەوە!

***

من لە سەر بنەمای ئەو شیعرەی شێخ ڕەزا، چیرۆکێکی کورتم پێک هێناوە کە هیوادارم ببێتە نموونە بۆ زۆر شیعری دیکەی کوردی و فارسیی شێخ و لە دواڕۆژدا قوتابییانی کۆلێجی دراما و پسپۆڕانی بوارەکە ئاوڕ لەم چیرۆکە و بەگشتی شیعرەکانی شێخ ڕەزا بدەنەوە و چیرۆک و شانۆنامەی پسپۆڕانەیان لێ پێک بهێنن. دیارە من لەباری شانۆنامە نووسین و کاری دراماوە هیچ نازانم و ئەوەی لێرەدا دەیبینن تایبەتمەندییەکانی درامای تێدا نییە بەڵکوو چیرۆکێکی ساکارە و هیچی تر.

با هەر لێرەدا ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ڕوانینی پڕ لە سووکایەتی شێخ ڕەزا بە نیسبەت مووسایی یان هەر ئایین و فیرقەیەکی دیکە، تایبەت بەخۆیەتی و من هیچ هاوبەشییەکم لەو ڕوانینەدا نییە و بە فرسەخ لێی دوورم.

با سەرەتا دەقی شیعرە فارسییەکە بخوێنینەوە، ئینجا بگەینە چیرۆکەکەی دەسکردی من:

**در هجو حاجی مصطفی**

گل اگر یکدم به کام بلبل شیدا شود
کام دل نگرفته، خاری در میان پیدا شود!

مستحقی را معاشی داد خواهد پادشاه
حاجئی میخواهد اورا مانع اجرا شود

در میان مالک و رضوان صباح روز حشر
در خصوص ریش حاجی مصطفی دعوا شود

بانگ بر رضوان زند مالک، که ای رضوان مهل!
این یهودی ریش سوی جنةالمأوی شود

گویدش رضوان نه آخر پیرمردی حاجی است
کی خدا فرموده حاجی را جهنم جا شود؟

مالکش گوید فراوان از یهودان حاجی اند
سالک بیت المقدس حاجی آنها شود

چون سخن اینجا رسد رضوان بماند بی دلیل
"ریش" بر دعوای مالک حجت عظمی شود

پس به رغم عنف رضوان، در حجیمش افکند
در میان دوست و دشمن عبرت و رسوا شود

حاجی بابا! چاره این ریش را امروز کن
ورنه فردا فتنه ها زان ریش تو برپا شود

برکنش از بیخ و بن! نی، صدرهش گر برکنی
هفته‌ای نگذشته این تخم بلا، بالا شود

چون ترا خواهد به دوزخ برد این ناپاک ریش،
وقف کن تا خلق را جاروب استنجا شود!

هاجئی همچون "رضا" و حاجئی همچون شما
قرنها باید که تا از لطف حق پیدا شود!

کورتەی ناوەرۆکی شیعرەکە ئەوەیە حاجی مستەفا دەمرێت، لەو دنیا دەچێتە بەردەم مالیک و ڕیزوان کە گوایە دەرکەوانی جەهەننەم و بەهەشتن. ئەوان لە سەر ئەوەی مۆڵەتی چوونە بەهەشتی پێ بدەن یان بیخەنە دۆزەخەوە، لێیان دەبێتە دەمەقرە. دەرکەوانی بەهەشت دەڵێ ئەوە ڕیشی لە ڕیشی جوولەکە دەچیت، کەوابوو دەبێ بچێتە جەهەننەم، دەرکەوانی جەهەننەمیش دەڵێ ئەوە حاجییە و خودا نەیفەرمووە حاجی بخرێتە جەهەننەمەوە، جا دەبێ ڕێگای بەهەشت چوونی پێبدەی! لە ئەنجامی ئەو کێشە و شەڕو هەرایەدا، حاجی دەخرێتە جەهەننەمەوە، جا شێخ ڕەزا نەسیحەتی حاجی دەکات کە هێشتا زیندووە و نەمردووە، ڕیشی بتاشێت، بەڵام دوایی پەشیمان دەبێتەوە و دەڵێ تاشین چارەسەری ناکات لەبەر ئەوەی هەڵدەداتەوە، کەوابوو باشترە وەقفی ئاودەستی بکات بۆ ئیستینجا کردن!

ئەوەش چیرۆکەکەی من لەسەر بنەمای کارە هونەرییە نایابەکەی شێخ ڕەزا:

## چیرۆکی حاجی مستەفا و دەرکەوانی بەهەشت و دۆزەخ

کەسەکانی چیرۆک:

- **حاجی مستەفا**، کفنێکی سپی سەرتاپا لەبەردا، ڕیشێکی درێژی هەیە و کەشیدەی زەردی بە نیشانەی حاجییان بە سەرەوەیە، بە زاراوەی خەڵکی کەرکووک قسە دەکات.
- **ڕیزوان**، دەرکەوانی بەهەشت، پیاوێکی باڵابەرزی ڕووخۆش بەجل وبەرگی خاوێن و جوانەوە. قسە کردنی کوردیی بە زاراورەی خەڵکی سنەیە:

- **مالیک**، دەرکەوانی جەهەننەم، پیاوێکی لەندەهۆری مل ئەستوور، مرچ و مۆن و ڕوو ترشاو، جل وبەرگی لاسووتاوی ڕەش داگەڕاوی لەبەردایە. بە زاراوەی موکریانی قسە دەکات.

- **فریشتە**، بوونەوەرێکی نیوە مرۆڤ نیوە پەری، چوخت و شاتر (من لێرەدا تەنیا ئاکارەکەیم پیشان داوە، خۆی نابینرێت).

- **ئاپۆرەیەکی زۆری خەڵک**، کفن پۆش، لە سەحرای مەحشەر (ناوەڕاستی شانۆکە) بە سەرپێوە وەستاون و هاوار و ناڵەناڵیانە و چاوەڕوانن نۆرەیان بگاتێ و بچنە بەر دەرگای بەهەشت. 'پردی سیڕات' و تەرازوویەکی گەورەش بۆ هەڵسەنگاندنی خێر وشەڕلەولاوەتر دەبینرێت.

زاڵەزاڵ و هاوار و دەنگی پاڕانەوەی خەڵک دەگاتە گوێ کە لە سەحرای شام (دەشتی مەحشەر) بە سەر پێوە وەستاوەن و هەزاران ساڵە برسی و تینوو، چاوەڕوانن نۆرەیان بگاتێ و بە سەر پردی سیڕاتدا بپەڕێنەوە بۆئەوەی بگەنە بەهەشتی وەعدە پێدراو.

دوو دەرگا دەبینرێت:

- دەرگای لای دەستەڕاست، بە گوڵ و دار و درەخت خەملیوە، محەججەربیەکی سەوز لە جیاتی دیوار بەملا وئەولای دەرگاکەدا کێشراوە. هەتا چاو هەتەر دەکات دار و سەوزەڵانییە و جۆگەی ئاو و هەنگوینی پێدا تێپەڕ دەبێت، دەنگی خوڕەی ئاو و چریکەی مەلی خۆشخوان گوێی بیسەر دەلاوێننەوە و بە نۆبە، دەنگی گۆرانیی نەسرین شیروان، عوسمان کێمنەیی و سەید عەلی ئەسغەری کوردستانیش لە دوورەوە دێت. ئەوە بەهەشتی خوایە و 'ڕێزوان'ی دەرکەوان بە جل و بەرگێکی سپی گوڵداری سەوز و سوور و دارعەسایەکی زێرینی موڕەسسەعەوە لەبەر دەگا وەستاوە. تابلۆی "بەهەشتی خوا" بە خەتێکی خۆش لە سەر دەرگاکە بەرچاو دەکەوێت. نەقشەیەکی جیهان بە سەر تەختەیەکی پانەوە دراوە و لەبەر دەم ڕیزوان بە دارێکدا هەڵاوەسراوە.

- دەرگای دەستەچەپ، ئاسنێکی ژەنگاویی سووتاوی ڕەشی دووکەڵاوییە، لە دیوارێکی بەرزی بەردین گیراوە. دیوار هەمووی بە دووکەڵ ڕەش داگەڕاوە. هورمی گەرما و کڵپەی ئاگرێکی بەتین هاوڕێ لەگەڵ هاوار و ڕۆڕۆی مرۆڤ لە دەرگای نیوە ئاوالەیەوە ئازاری چاو وگوێی بینەران دەدات. مرۆڤێکی تووکنی قژ ئاڵۆزکاوی سمێڵ فشی زەبەلاح قۆڵی کراس و لینگی پانتۆڵ هەڵکراو، گورزێکی ئاسن لە سەر شان بە بەردەرگادا دێت و دەچێت و لەبەر خۆیەوە

به تووڕەیی و بڵمەبڵم هەندێک قسە دەکات بەڵام کەس لێی تێناگات. هەمان نەخشەی جیهان بە کوتە ئاسنێکی ڕەشەوە هەڵاوەسراوە و لە بەردەم دەرگاکە دانراوە.

لەپڕ، حاجی مستەفا لە ناو ئاپۆرەی خەڵکەوە باز دەداتە سەر شانۆ و دەگاتە بەردەم ڕیزوان و مالیک. هەردوکیان بە زرمەی پێی حاجی ئاوڕ دەدەنە دواوە و سەیری دەکەن.

- **ڕیزوان:** کێی زەلام؟
- قوربان ناوم حاجی مستەفای قیردارە.
- **مالیک:** (بە لالچێکەوە): ئەم قیردار قیردارەت لەچییە؟ بۆ ڕاستەوخۆ ناڵێی کەردار؟
- ئەی بێ بەڵا بی، باپیرەمان قیرفرۆش بوو!
- خەڵکی کوێی؟
- کەرکووک، ئەفەنم!
- کەرکووک کوێیە؟ [سەیری نەقشەکە دەکات].
- ئێستا عیراقە قوربان، پێشتر هی خۆمان بوو، ئێستا کورد دەڵێن هی ئێمەیە، سەردەمی کۆن زۆر خۆش بوو، ئەو بەزم و هەرایە نەبوو، سنجاقێکی وڵاتەکە بوو و تەواو!
- خۆتان کێن؟
- قابیلە نەزانی؟ عوسمانلی! تورک، ئەستەمووڵ، بابی عالی، سوڵتان عەبدولحەمید. تاڵێک مووی پێغەمبەریش لە موززەخانەکەیدایە، من خۆم کورد نیم، تەنیا دەڵێن بە بنەچەک کورد بووینە.
- نۆرەی ئەمەمانە! ئەمجار کورد کێیە؟
- قوربان چووزانم؟ میللەتێکی دابەش کراون؛ هەر پەلێکیان بەدەست عی...[ ناوێرێ بڵێ عیزڕائیل، زمانی خۆی دەگەزێت] ..بەدەست داگیرکەرێکەوەیە.
- ئەی خۆت چ قەومێکی؟
- تورک قوربان؛ گەلی هەڵبژاردەی خوا!
- تێگەیشتم، [ئاماژە بە دەرگای جەهەننەم دەکات]: لەو ناوە هاوزمانەکانت کەم نین، بێ تاقەت نابی!
- جا بە سەدەقەت بم بۆچی ئەو ناوە، بۆچی ئەمیان نا؟ [ئاماژە بە بەهەشت دەکات].
- **ڕیزوان:** (بە تەوسەوە) بەخوا خاسە! ئەی جەهەننەمیان بۆچە داناگە؟
- **حاجی:** کوڕە پیاوی چابن، من کوا پیاوی جەهەننەمم؟
- **مالیک:** هەرکەس هەڵدەستێت هەر دەیەوێ بچێتە بەهەشت، ئەگەر وا بڕواتە پێشەوە دەرگای دۆزەخ دەبێ بە قوڕ بگرین!
- **دەنگێک لە ناو ئاپۆرەوە:** خواهەڵناگرێت، زووبن تەواوی کەن، ئاوی لاقمان داهات!
- **ڕیزوان** (گوێی بۆ کابرای ناو ئاپۆرە نابزوێت): خاسە، پێم بێژە ئایینت چەس؟
- قوربان موسوڵمانم، حاجیشم، کەشیدەکەی سەرم هاوار دەکات!
- خاسە، موسوڵمان ٧٢ فیرقەن، تۆ لە کامیانی؟
- سوننەم قوربان.
- حەنەفیی؟

- نەخێر، شافیعیم جەناب.
- **مالیک:** لێرە ئەم جەناب و و مەنابە ناخوات!
- ئەی بڵێم چی باشە؟ ئارکاداش چۆنە؟
- بڵێ 'یا ئەخی'!
- وەڵڵا تێرمان خوارد، خۆ داعیش و ماعیشیش لەو دنیا هەر بە یەکتریان ئەوت یائەخی!
- ئەوان موسوڵمانی ڕاستەقینە بوون!
- ئای قوڕم وەسەر! خۆ ئەوان نە قانوونیان ئەناسی، نە ڕێزیان لە ئازادی ئەگرت! ئەگەر ئێرەش وا بێت، ئەبێ چی بکەین؟ بڵێی شوێنێک نەبێت بە پەنابەری بچینێ!
- **ڕیزوان:** بڕوانە، دەمی ئێژی ئاشە ئەیچەرخێنێت!
- **مالیک:** ئەو فڵتەفڵتەت لەچییە؟ تۆ هەر بۆ ئەم کونەڕەشە باشی! [ئاماژە بە دەرگای جەهەننەم دەکات].
- نا، یا ئەخی نا، دەستم وە داوێنت! غەڵەتم کرد، شەکرم شکاند، ئیتر هەر قسە بێت و نایکەم؛ ئێرە وەک ئەولا نییە، هەموو شتێکی لەسەر بنەمای عەدڵ و داد دانراوە، زوڵم لەکەس ناکرێت؛ تکایە مەمخەنە ئەو کونەوە، ئیتر هەرچی ئەیڵێن ڕاستە!
- **ڕیزوان:** خاس، ئەو ڕیشە چەس داتنیاگە؟
- یا ئەخی ،من پیرم، حاجیشم، مەلا لەو دنیا ئەیانفەرموو "ڕیش حیجابی پیاوانە، ئەگەر بیتاشن ئەکەونە جەهەننەمەوە".
- ئەی بۆچە لە ڕیش مووسایی ئەچێت؟
- ئەی خوا لەم بەزمە، قسەی وا مەفەرموو یا ئەخی، من کەی جوو بووم؟ پشتاوپشت موسوڵمان بووین، ناویشم مستەفایە بە ناوی پیرۆزی پێغەمبەری ئیسلامەوە کراوم سڵاوی خوای لێ بێت، جووی چی و مووی چی؟
- باوەڕت پێناکەم، مووسایی لەترسی موسوڵمان ناوگەل ئیسلامی لە منالّیان ئەنێن. هی وایە ناوی خۆی ناوە ئەبولحەسەن! لەو دنیا خاس دەرباز بووی، بەڵام لێرە یەخەت ئەگرین!
- پیاوی چاک بە یا ئەخی، کوا ئەوە ئینسافە؟ ئەی ئەو هەموو نوێژ و ڕۆژووەم بۆ کرد؟ ئەو هەموو و زەکات و سەرفیترەیەم بەخۆڕایی دا بە مەلا؟ بانگی ئەو مفتەخۆرانە بکەن با بێن شایەدیم بۆ بدەن.
- **مالیک:** ئەم کابرایە عاقڵ نابێت، ئەوە دیسان ڕەخنەمان لێدەگرێت، لە ترسی خوا بموێرایە دوو چەپۆکی چاکم دەدا بە تەوقی ئەو سەرە زلەتدا! تۆ جێگەت قووڵایی قاتی ژێرەوە ی هۆ ئەوەیە (ئاماژە بە دەرگای جەهەننەم دەکات)، لەوێ چاک فێری قسە کردن دەبی!
- **حاجی** (پەشیمان بۆتەوە): قوربان، خۆ من هیچم نەوتووە؛ لەوێم کردەوە، ها ئەوە قوڕوقەپم کرد! خوا گەورەیی پێداوی تۆش هەندێک تاقەتت بێت!
- **مالیک:** گەورەیی! بەوە دەڵێن گەورەیی؟ ڕۆژهەتا ئێوارە لەبەر ئەو دووکەڵ و گەرمایە بوەستم، شەو دەچمەوە ماڵێ ژن و منداڵ قێزیان لە بۆنی دووکەڵم دەبێتەوە، ئەمە حاڵە؟ ئەوانەش وا دێنە لام هەموو وەک تۆن، یەک لە یەک ناحاڵێتر، ناشوکری نەبێت کوا ئەوە بەشە بە من دراوە!
- **دەنگێک لە ناو ئاپۆرەی خەڵکەوە:** کوڕە حاجی ناحاجی، توورەی مەکە، لێیگەڕێ چاومان سپی بوو لێرە!

- **دەنگێکی دیکە:** کەمی لێ بڕێسە ماڵ کاول، تەواوی کە!
- **حاجی** (بە ترس ولەرزەوە): بە ناخێری گیانم لام وابوو کاتێ دێمە ئەم بەرەوە ئیتر هەموو شت ڕێک و پێکە، خۆزگەم بە کەرکووکەکەی خۆمان! خۆ لێرەش هەر جوێن بە خەڵک ئەدەن، خۆزگەم بە ژاندرمەکانی خۆمان!

هەر ئەوە دەڵێت و بە پەلە هەڵدێت بۆ لای ڕیزوان:

- **حاجی:** ڕیزوان گیان تۆ بیت و خوا لەدەست ئەو کاورایەم ڕزگار کە! زۆر تووڕە و تۆسنە، قسەی خۆش نازانێت، هەر هەڕەشە ئەکات، ئێژی بەهەشت مڵکی باوکیەتی، دەڵێی کەس نەماوە بیسووتێنێت من نەبێ!

ئاژاوە و دەنگ و هەرا لەناو ئاپۆرەی خەڵک پەیدا دەبێت.

- **چەند کەس پێکەوە:** پیاوی چابن، کارەکە یەکلایی بکەنەوە با ئێمە ئەوەندە چاوەڕوان نەبین، ئاوی لاقمان چوو، بەسە، خوا هەڵناگرێت، بانگمان بکەن حیسابمان لێ وەربگرن.
- **مالیک:** بێدەنگ بن دەنا دەتانکەمە قوربانی پاڵێک بۆ ئەو ناوە! (ئاماژە بە دەرگای جەهەننەم دەکات).

خەڵکەکە بێدەنگ دەبن.

- **حاجی مستەفا بە ڕیزوان:** تۆبیت و خوا بگەرە فریام، من لەو پیاوە ئەترسم. عاقیبەت بەڵایەکم بەسەر دێنێت. لێمگەڕێ با بێمە لای تۆ، بە نۆکەرت بم بەخوا پیاوێکی بێ ئازار دەبم، زۆریش قسە ناکەم!
- **ڕیزوان:** بەو ڕیشەوە چۆن ئەتوانم بنێرمە ناو بەهەشت، خوا پێم نائێژێت ئەوە بەهەشتی موسوڵمانانە بۆ مووساییت هاوردۆتە ناوی؟
- **حاجی** (تەواو ترساوە و بێ هیوایە): کوڕە پیاوی چابە، ها ئەوە ڕیشم، بیتاشە، بەڵام مەمنێرە لای ئەو برادەرە، لێی دەترسم! من لەودنیا ئەو هەموو زەحمەتەم کێشا و خزمەتی دین و ئایینم کرد، بوومە دوژمنی فەلە و جوو و ئێزدی لەبەر خاتری ئایینەکەم، بە ناخێری گیانم ئەوە پاداشتەکەمە؟
- خزمەت و مزمەت نازانم، ئەو ڕیشە هی بەهەشت نییە و تەواو!
- **حاجی** (لەبەر خۆیەوە): ئەی قوڕی کوێ بەسەر خۆمدا کەم، خۆ ئەوانە قسەیان بەگوێدا ناچێت!
- **مالیک** (ڕوو دەکاتە ڕیزوان): ئەم کابرا زمان درێژە، ئەگەر حاجی بێت ناکرێ بیخەمە جەهەمننەمەوە، خوا نەیفەرمووە.
- **ڕیزوان:** کوڕە ئەمە چە حاجییەکە؟ تۆش باوەڕت کرد؟ ئەبێ حاجیی مووساییەکان بێت!
- **مالیک:** حاجی مووسایی؟ بۆ جوولەکەش حاجییان هەیە؟
- ئەی چۆن، ئەچنە زیارەت بیت المقدس و ئەبنە حاجی.
- **حاجی مستەفا:** ئەی پەنا وەخوا لەو تۆمەتە گەورەیە! قوربان ڕەسمی مەککە و مەدینەت بۆ بکێشمەوە؟ پێت بێژم چۆن سەفا و مەروەم کرد؟ چۆن ڕەجمی شەیتانی لەعینم کرد؟ ئەوانە

تەڕ بە کەڵکم هاتن! خوا خێرتان بنووسێت کوا ئەوە ئینسافە ئەویش لە دیوانی عەداڵەتی ئیلاهی!

- **ڕیزوان:** بەخوا خاسە! کاورا هێشتا لەبەر دەرگایە وامان پێ ئێژێت، بچتە ناوەوە جوێنی دایک و باوکیئشمان ئەداتێ. (ئاماژە بە جەهەننەم) هەر ئەو میوانخانەیەی تۆ بۆ ئەو خاسە، لەوێ چە ئێژێت با بیژێت، گەردنی ئازا!
- **مالیک** (ڕوو لە ڕیزوان): تۆش تاقەتت هەیە ڕیزوان، لێیگەڕێ با بچێتە لای ئێوە و ڕزگارمان بێت لەدەستی، خۆشم لە چارەی نایەت!
- **ڕیزوان:** جا بۆ بە خۆش هاتن و نەهاتنە؟
- ئەی چۆنت پێ بڵێم؟ ئەوە چییە، ئەمڕۆ وێدەچێ بێ تاقەت بی، بە تووڕەیی وەڵامم دەدەیتەوە.
- ئەو تاقەت تاقەتەت لە چییە؟ نایەڵم بچێتە ژووری و تەواو!
- بۆ بە دەست خۆتە؟
- ئەی بەدەست تۆیە؟
- با ڕاپۆرتی لای خودات لێبدەم بزانە چیت پێ دەکات!
- کێ، تۆ ڕاپۆرت لە من ئەدەی؟ بۆ شاری هۆرتە! من کەمم هەیە بیژم؟ چەند کەست بە بێ تاوانی خستە ئاگرەوە؟
- ئەی تۆ بۆ باسی خۆت ناکەی؟ هەرکەست پێ جوان بوو، دەیبەیە لای خۆت. بەهەشت ئەو هەموو پەرییەی بۆچییە؟ ئەو عالەمەت بۆ ڕاگرتووە لەبەر ئەم ڕیش بۆگەنە؟ ڕیشیت پێ جوان نییە بیتاشە و بیکە گەسک!
- **حاجی** (ڕوو لە ڕیزوان، هەندێک بە ناقایلی): ئا، بەخوا ڕازیم، ها بیتاشە و لێگەڕێ با بچمە ژوورەوە!
- **مالیک:** دەی تەواوی کە، ملی بگرە و بیخە ژوورەوە با ڕزگارمان بێت لە دەستی!
- **ڕیزوان:** ئێسە کە وای پێهات لە ڕقی تۆش بێت نایکەمە ژوورەوە!
- لە ڕقی من؟ تۆ کێی وا قسە دەکەی؟
- من کێم؟ من دەرکەوان ئەو بەهەشتەم، ئەو ڕیش مووساییەش لە داخی تۆ ناکەمە ژوورەوە!
- تووڕەم بکەی ملی خۆت دەگرم و سەرت دەخەمە ناو جۆگەڵەی هەنگوینەکەت وا ئەو هەمووە پێی دەنازی!
- ئەی بە ئاگر ودووکەڵەکەی تۆ بنازم خاسە؟ پاڵێکت پێوەنێم بتخەمە لای میوانەکانت؟
- پاڵ بە منەوە دەنێی نابووتەی هیچ وپووچە؟

مالیک بەرەو ڕیزوان دەڕوات و گورزەکەی سەرشانی ڕاست دەکاتەوە دەیەوێت لێیبدات، لەو کاتەدا دەستێک لە ئاسمانەوە دێت و توند دەستی دەگرێت. ئەوە دەستی فریشتەیە نێرراوەتە خواری ناوبژیوانیان بکات و نەیەڵێت شەڕ بکەن. مالیک هەوڵ دەدات دەستی ڕابپسکێنێ بەڵام ناتوانێت، دەستە غەیبییەکە زۆر بەهێزە.

- **دەنگی فریشتە** (دەبیسترێت بەڵام ڕەنگی دەرناکەوێت): نەکەی مالیک، نەکەی! ئەوە چی دەکەن؟ کوا ئەوە دابی کار کردنە؟ ئەو عالەمەتان لەوێ ڕاگرتووە و خەریکی شەڕەقسەی خۆتانن؟ لایەکی بە لایەکدا بخەن با کابرایش ڕزگاری بێت لەدەستتان. ئاوا بڕواتە پێشەوە ملیۆن ساڵی دیکەش مەحکەمەی ئەو خەڵکە تەواو نابێت، خوا ئەوەتان لێ قەبووڵ ناکات!

- **ئاپۆرەی خەڵکەکە:** هەی بە قوربانی دەمت بین! کوا ئەوە حاڵە ئێمەی تێداین؟ بۆ تەواوی ناکەن؟
- **ڕیزوان** (ڕوو لەو شوێنەی وا دەنگی فریشتەی لێوە دێت): سەرەوەرم خەتای ئەوە، هەروا دەم شڕە، هەرچی بەسەر زمانیا بێت ئەیڵێت، ناپیاڵێویێ!
- **مالیک:** خەتای من؟ من دەڵێم حاجییە ناکرێ بیخەمە ئاگرەوە، ئەو بەردەرگای لێگرتووە و ناهێڵێت بچێتە ژوورەوە.

لە جەرگەی ئەو بەزم و هەرایەدا حاجی مستەفا دەرفەتێک پەیدا دەکات و هەر ئەوەندەی چاوی ڕیزوان غافڵ دەبینێت، پاڵێک بە دەرگای بەهەشتەوە دەنێت و دەچێتە ژوورەوە.

ئاپۆرەی خەڵک کە چاویان لێیە، چەپڵەی بۆ لێدەدەن:

- **دەنگێک لە ناو خەڵکەکەوە:** ئافەرەم!
- **دەنگێکی تر:** مەرحەبا!
- **دەنگێکی تر:** جزاک الله!
- **دەنگێکی تر:** کوڕە ڕاکە با نەتگرێتەوە!
- **دەنگێکی تر:** ئەی لە چاوی منت کەوێ!

ڕیزوان بە بیستنی دەنگی خەڵکەکە، ئاوڕێک دەداتەوە و کاتێ دەبینێ حاجی چۆتە ناو بەهەشتەوە، کێشە وهەرای لەگەڵ مالیک بەجێ دێڵێت، بەتووڕەییەوە لینگی دەداتێ و بە پاڵە پەستێو دەیهێنێتە دەرەوە.

حاجی پەنا بۆ دەنگی فریشتە دەبات بەڵکوو ئەو فەرمانێک دەربکات، بەڵام مالیک کە هەڕەشەی جەبرەئیل ترسی خستۆتە دڵیەوە، بۆ ئەوەی کۆتایی بە کێشە وهەراکە بهێنێت، خێرایەک دەگاتە سەری، ملی دەگرێت، بێ ئەوەی گوێ بداتە پاڕانەوە و لالانەوە و ئەفەنم ئەفەنم و یائەخی یا ئەخییی کابرا، بەرزی دەکاتەوە و دەیبات تا دەیخاتە ناو جەهەننەمەوە.

هاواری حاجی مستەفا لەو ناوەوە دەگاتە گوێ.

- ڕەببی خۆشی لە خۆت نەبینی کابرا! سووتام، مردم، هاوار، هاوار.... (دەنگی حاجی تا دێت بەرەو لاوازی دەڕوات و پاشان بێدەنگ دەبێت).

دەنگی جیبرەئیل چیتر نامێنێت.

ئاپۆرەی خەڵکەکە ترسیان لێ نیشتووە و مات و بێدەنگ بوون.

ڕیزوان پشت دەکاتە مالیک و خەریک دەبێت جل و بەرگی خۆی بتەکێنێت و سەری خۆی بە شانە دابهێنێت.

مالیکیش بە تووڕەیی دەچێ لە سەر کورسییەکەی دادەنیشێت و بێ ئەوەی سەیری ڕیزوان بکات، ڕوو لە ئاپۆرەی خەڵکەکە دەکات:

- **مالیک:** نۆرەی کێیە بێتە پێشەوە!

## کۆتایی چیرۆک

---

**پاشکۆی ١**

دوکتۆر موکەڕڕەم تاڵەبانی لە کتێبی "شێخ ڕەزای تالەبانی- ژیانی، پەروەردەی، بیروباوەڕی و شیعری"، بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠١، ل.٢٨٦، دا دەنووسێت:

*"لە دەوري عوسمانيدا، هێندی کەس لێ دائیرەی ئەوقاف و هەندێك لە خەزێنەی دەوڵەت مووچەیان بۆ بڕابووەوە، ئەم مووچە پێدانە بەپێی هەڵبژاردنی مەئموورى هەرێمەکە دەبوو. شێخ ڕەزا نە لە تەمەندا و نەیش لە داهاتدا وا لێکەوتوو نەبوو کە میریی بیژێنێت و ئەویش داواکارییەکانی سنوورێکی بۆ نەبوو. لەبەر ئەوە، ئەکەوتە تەقەوە لەو جۆرە مەئموورانە و یەک لەوانە حاجی مستەفایە."*

**پاشکۆی ٢**

مامۆستای بەڕێز کاک ئەمین محەممەد کە دیوانێکی نوێی شیعرەکانی شێخ ڕەزای ئامادە کردووە و بڕیارە ئەکادێمیای کوردی لە هەولێر بڵاوی بکاتەوە، لە وەڵامی ئیمەیلێکی مندا سەبارەت بە حاجی مستەفا، ئەم زانیارییانەی خوارەوەی بۆ نووسیوم. پڕ بەدڵ سپاسی دەکەم:

*"ئەو حاجی مستەفایە، حاجی مستەفای قیردارە. بنەماڵەی قیردارخانەدانێکی کۆنی کە رکووکین. شارەزاکان دەڵێن لە بنەچە کوردن و لە عەشیرەتی "کاردار" ن کە لقێکە لە شکاک و لە دەوروبەری ڕەواندز و بە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بڵاون. حسین حوزنی موکریانی و مارف چیاوکیش هەر وا دەڵێن.*

*ئەم بنەماڵەیە لەو کاتەدا کە ڕێگای تیجارەت لە کەرکووکەوە بەرەو دیوی ئێران بە کۆیە و ڕەواندزدا تێدەپەڕی هاتوونەتە کەرکووک و کاریان زۆر برەوی سەندوە ودەوڵەمەند بوونە. لە داوێنی خواروی قەڵای کەرکووک نیمچە گەڕەکێک و خان و دووکان و مزکەوتێکیان دروستکردوە کە زۆربەیان ئێستاش بە پێوەن و هەر بە ناوی ئە وانەوە ماوەتەوە.*

*لە سەردەمی عوسمانیاندا حاجی عەلی ئەفەندییان بوو بە ئەندامی مەجلیسی مەبعووسان، مستەفا ئاغا بوو بە سەرۆکی شارەوانی کەرکووک و ئەمین ئەفەندی بوو بە ناوبژیکەری عەشایر.*

*مەشهوورە لە کەرکووک کە ئەو کاتەی حەنەفیەت مەزهەبی دەوڵەت بوو، حاجی مستەفا مینبەری حەنەفیەتی لە مزگەوتەکەیدا دروستکردبوو بەڵام چونکە خۆی دەماری شافیعیەتی هەرمابوو لە تەکیەوە مینبەرێکی شافیعیشی دروستکردبوو.*

*لە پێشدا خەڵکی سادە هەر بە کاردار دەیانناسین کاردارەکەش زۆر جار دەبوو بە کەردار. خۆم چەند جار ناویانم بە کەردار بیستوە. وەکو دەردەکەوێ لە بەر نەنگی ناوی کەرداربیەکە، دوایی خۆیان کردوە بە قەردار کە ئەویشم بە باویی لە سەر زمانی خەڵک بیستوە. دواتر بوونە بە قیردار واتە دەرکەروفرۆشیاریقیر،کە هیچ مانایەک نا بەخشێ چونکە ڕوونە کە ئەوکات قیر هەرچەندێکو لە کەرکووک هەبوە بەڵام هیبج گرنگییەکی ئەو تۆی نەبوە تا ناوی پێوە دەربکری.*

*لەم دوادوییەدا نەوەکانیان بوون بە دەوڵەمەندی گەورەی بەینەلمیلەلی. زۆریان لە لەندەنن ( نەوەی نەذیر قیردار)*

*چەند مانگێک لەمەوبەر لە گۆڤارێکی تورکی تورکمانەکانی کەرکووکدا نووسینی نەوەیەکی ئێستایانم خوێندەوە کە تێیدا دان بەوەدا دەنێ کە ئەوان قەردارن نەک قیرداربەڵام (لە سەر عادەتی تورکمانەکانی کەرکووک) دەڵێ لە ئەسڵدا لە تورکمانستانەوە لەبەر ئاووهوا خۆشی کەرکووک هاتوونە بۆ ئێرە!*

*ئەوەشم لە بیر نەچێ کە زۆر دۆستی شێخانی تاڵەبانی بوونە و زۆرجار بوونەتە باعیسی زەجرکردنی شێخ رەزای خۆمان لەلایەن شێخ عەلی برایەوە لەسەرخۆدانی لە حاجی مستەفا ئاغا."*

**پاشکۆی ٣**

من سەرەتا بەتەمابووم لە شیعرەکە شانۆگەرییەک بخوڵقێنم، جا دوای نووسینی شانۆکە، ناردم بۆ مامۆستای پسپۆڕ و زانای شانۆگەری کاک برایمی فەڕشی. کاک برایم دوای خوێندنەوەی بابەتەکە، بە ئیمەیل هەندێک ڕێنومایی پسپۆڕانەی کردم کە بۆ من دەرسێکی گەورە بوون.

بە گوێرەی ڕێنومایییەکانی کاک برایم، ئەوەندەی دەمتوانی، گۆڕانکاریی پێویستم لە بابەتەکەدا پێک هێنا و لە شانۆگەرییەوە کردم بە کورتە چیرۆک گەرچی دڵنیام ئێستاش هەر ئەوە نییە کە ئەو ویستوویەتی. بەڵام بەهۆی گرنگایەتی ناوەرۆکی ئیمەیلەکە و ئەوەی پێموایە ئەو خوێنەرانەی کە وەک من لە دەرەوەی ئاڵقەی شانۆگەرین، لەو چەند دێڕە بە ڕادەی کتێبێکی دەرسی شت فێر دەبن، لێرەدا هەموو ئامۆژگارییەکانی مامۆستا ڕادەگوێزم:

دەستی مامۆستا برایم خۆش بێت و کورد لەو پسپۆڕانەی زۆر بێت!

*"... من پێموایە کارەکە زۆرتر لە کورتە چیرۆک نزیکترە هەتا شانۆنامە. ئەڵبەت ئەو چیرۆکە دەکرێ بۆ شانۆ ئادابتە بکرێت و کورتە شانۆنامەیەکی لێدەربهێندرێ، بەڵام بۆ ئەوە، دەبێ ستروکتوری دڕامایی پەیدا بکات و لە هەمان کاتدا زمانەکەش دڕامی بکرێ، زمانی چیرۆکەکە لە گێڕانەوە نزیکە جگە لەو شوێنانەی کە دیالۆگ هەیە، دیالۆگەکان یەک خەتیین و زمانی کەسەکان هەرچەند لە بەکارهێنانی وشەدا جیاواز دەنوێنێ، بەڵام دەربڕی کەسایەتی کەسەکان نیین، واتە زمانەکە هی یەک کەسە و لە زاری سێ کەسەوە دەردەچێ، لە نێوان زمانی ئەو سێ کەسەدا جیاوازی کەمتر دەبیندرێ، هەروەها زمانی حاجی ئاکتیڤتر لە دووانەکەی دیکەیە و کەمتر سەرنج دراوەتە سەر زمانی بۆ وێنە مالیک و ریزوان. کەسایەتی ڕیزوان کە لێرە مانعی چوونە ژوورەوەی حاجییە، ئەو دەورەی دەتوانێ هەبێت کە چیرکەکە یان شانۆنامەکە دراماتیزەتر بکات، یاخود ئەوەی مالیک و ڕیزوان بەوە ڕازی بن کە حاجی ڕەوانەی دۆزەخ بکەن، گەر ئەو کارە بکرێ، گرێیەکی دراماتیک درووست دەبێ، کە حاجی دەبێت بیکاتەوە، ئەوەش حاجی و بگرە ئاپۆڕەی خەڵک ڕووبەڕووی پرسیار دەکات (گەر حاجی ڕەوانە دۆزەخ بکرێ، تەکلیفی ئەوانی تر- ئاپۆڕەی خەڵک- دەبێتە پرسیارو گرێی درامایی گەورەتر) و لە هەمان کاتدا، ئاپۆڕەی خەڵک لە حاڵەتی بێ عەمەلی و پاسیڤبوون دەردەهێنێت، کە تۆ هیچ دەورێکت پێنەبەخشیون. لە شانۆدا هەر ئێلێمێنتێک کە دەهێنرێت دەبێ بەکاریش بهێنرێت و دەوریان هەبێ. من پێموایە ئەوەی لە سەر سەکۆ ڕوودەدا زۆرتر دەمەتەقەیە. لە شانۆدا سەرەتا، ناوەند و کۆتایی هەیە کە کۆتایی پلەی بەرزی دراماکەی پێدەبەخشرێ، لێرە ئامادەکاری بۆ پۆختاندنی ئەو سێ بەشە نەکراوە. ئەوەشم گوتبێ لە تاقە یەک پەردەدا، لە کورتە چیرۆکێکی وادا، هاسان نییە، هەموو ئەو فەرمایشتانەی من جێ بەجێ بکرێ. بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە، دەتوانێ سکەچێکی ٥ هەتا حەوت خولەکی خۆش بێت، بە تایبەت بۆ کاری تەلەویزیۆن یان کاری سەر سەکۆ لە بەرنامەیەکی گشتیدا. من بە خوێندنەوە چێژم لە چیرۆکەکە وەرگرت و زۆر باش، لە نووکەوە هەتا کۆتایی خوێنەر لە گەڵ خۆی ڕادەکێشێ و زۆر بە جوانیش فەزای چیرۆکەکە داڕێژراوە. لە چیرۆکیشدا دەکرێ دیالۆگ هەبێ و هەشە. ئەوەی کە شیعر بکرێتە مایە نووسینی چیرۆک یان دڕاما و تەنانەت ڕۆمان، کارێکی زۆر گرنگە و بەوە دەکرێ بەرهەمی پێشوو کە ڕەنگە ئێستا کەس نەیخوێندبێتەوە، بەڕۆژ بکرێت و لە گەڵ بەرەی نوێ و هەروەها فۆرمی نوێ گرێ بدرێ"*